# "پەڕبەسەر"

ناثنیل هوثورن                                        لە ئینگلیزییەوە:شێرزاد حەسەن

**کەسەکان :**

- جاڕچی : دەکرێ ژن بێ یان پیاو .
- حەکایە تخوان : دەکرێ هەمان کەسایەتی جاڕچی بێ
- دایکە ریگبی : جادووگەرێکی پیرە .
- پەڕبەسەر :داهۆڵێکە .. دوایی دەبێ بە مرۆڤ . دەبێ هەوڵبدا هەڵگری هەموو رەفتارێکی پاکی لاوێك بێ :' بە تەمایە بچێتە ناو دونیا کە بۆ یەکەمجار ڕوو بە ڕووی واقیع دەبێتەوە .
- گوکن: پیاوێکی گرگن و دوو ڕووە . بە ڕووکەش ڕاستە و ڕەوان دیارە ، لە ناوەوە بەدو تەماعکارە.
- خاتوو گوکن : کەسێکە دەیەوێ بە هەر شێوەیەك بێ سەر بکەوێ .. خەون بە پایە و پلەوە دەبینێ .
- پۆلی گوکن : کچێکی گەنج و جوان ، بێئاگا لە بەند و باوەکانی دونیا .
- دەنگەکان –ی( یەکەم و دووەم و سێیەم ) دەکرێ ژن بن.
- ژنەکان : ( یەکەم و دووەم ) خەڵکی شارن.

مۆسیقا : تا ڕادەیەك بەرزە دەماغ و غەمگینانەیە.

دەنگ : زرمەی لە دەرگادان ، کردنەوەی ، داخستنی – با دەرگایەکی راستەقینە بێ . قرتەی شکانی سەبیلەیەك ، دەکرێ شکانی گۆزەیەکی چکۆلە بێ . زرمەی بە دیوار دادانی هەر شتێك کە دەکرێ کاریگەر بێ بە قەد هەر دەنگێکی دەستکرد هەندێ دار و کوولەکە و جل و بەرگ لەسەر زەوی کەوتوون، پێچانەوەی هەندێ شت بە پارچە قوماشێك و پاشان فڕێدانی بۆ سەر زەوی .. لە گەڵ دوو تەختە دار .

**دەق :**

**جارچی: ئەمڕۆکە نمایشێکتان پێشکەش دەکەین کە لە ژێر ناوی " پەڕپەسەر" دایەو لەسەر چیرۆکەکەی** – ناتیل هۆتۆرن- **داڕێژراوە .**

**( موسیقا بەرز دەبێتەوە و پاشان خامۆشی )**

**حەکایە تخوان: لە ئینگلتەرەی تازەدا داستانێك دەگێڕنەوە لەمەڕ دایکە ریگبی و کوڕەکەی "پەڕپەسەر" . چەند ساڵێك لەمەوبەر لە قەراغ شارۆچکەیەکدا ئافرەتێك دەژیا کە خەڵکی بە جادووگەر دەیانناسی. ناوی " دایکە ریگبی " بوو ، زۆر شتی سەیر و سەمەرە لە ماڵەکەی ئەودا ڕوویاندا ، بۆ نموونە ، ئەوەندەی بەس بوو بڵێ :**

**دایکە ریگبی : دیکن .. سەبیلەکەم بۆ داگیرسێنە .**

**حەکایە تخوان : کت و پڕ سەبیلەکەی دادەگیرسێ کە بەردەوام دووکەڵ دەکا ، دەستێکی نادیار پشکۆیەك لە ئاگردانەکە هەڵدەگرێ و سەبیلەکەی پێ گڕ دەدا . لە بەرەبەیانێکی بەهاردا پیرەژنەی جادووگەر لە پە نجەرەوە سەیری دونیای دەرەوە دەکاو چەند قەلەڕەشێك لەناو کێڵگەی گە نمەشامییەکەیدا دەبینێ.**

**دایکە ریگبی: ئەو فڕندە نەفرەتییانە هەر هەموو گە نمەشامیەکەم دەخۆن ، قەت لێ ناگەڕێن سەوز بێ .. دەی چاکە .. من خۆم ئاگاداری دەبم ، ڕەنگە بۆ ئەوەش داهۆڵێك دروست بکەم .**

**حەکایە تخوان : هەرچییەکی پێویست بوو بۆ دروستکردنی داهۆڵێك کۆی کردەوە ، داهۆڵێکی چاك – دەسکێکی درێژی گەسك ئاسا بۆ باڵای ، شتێك وەك قۆزاغەی لۆکە ، بەڵام گەورە ،بۆ دروست کردنی کەللەسەری ، دوو داریشی بۆ قۆڵەکانی جل و بەرگێکیش بۆ دا پۆشینی ئەو هەیکەلە .**

**دایکە ریگبی : لەو ئینگلتەرە تازەیە دا داهۆڵەکەی من هاوتای نابێ و لە هی هەمووان چاکتر دەبێ .**

**حەکایە تخوان : لە ڕاستیشدا وا بوو ، داهۆڵێکی ئەوەندە جوان و لێوەشاوە بوو کە ( دایکە ریگبی ) حەزی نەدەکرد بیکا بە پاسەوانی گە نمەشامی.**

**دایکە ریگبی : لەوەتەی بوومەتە جادووگەر گەلێ بووکەشووشەم دروست کردووە ، بەڵام هیچ کامیان بە قەد ئەم دەهۆڵە جوان نەبوون ، ڕاستە کەللە سەری بە تەنها پووش و پەڵاشێکە ، بەڵام لە جیهاندا زۆر لە پیاو ماقووڵان جگە لە کەللەسەرێکی بە پووش و پەڵاش دروست کراو هیچی تریان نی یە .. نا .. نەخێر .. ئەم داهۆڵەی من هی ئەوە نییە ببێ بە پاسەوانی کێڵگەی گە نمەشامی ، بەڵکو من نیازمە کاری تری پێ بکەم ، پلانی تر وا لە خەیاڵی من .. دیکن .. زوو کەو پشکۆیەکی تر بێنە بۆ سەبیلەکەم .**

**حەکایە تخوان : هێشتا دایکە ریگبی داواکەی تەواو نەکردبوو کە بینی وا پشکۆیەك بە سەر تووتنەکەی ناو سەبیلەکەوەی داگیرساوە ، دوو مژی لێدا و پاشان ئاوڕێکی دایەوە و سەبیلەکەی خستە ناو دەمی داهۆڵەکەی .**

دایکە ریگبی : دەی کوڕەکەم .. ئێستاکە مژێکی دیکە لەو سەبیلە بدە ، تۆزێکی دیکە هەناسەی زیندەگیت تێدا دەگەڕێ ، من لەم داهۆڵە پیاوێك دروست دەکەم ، هەتا گەر بۆ گاڵتە و مەزاقیش بێ دروستی دەکەم ، هاوڕێ شیرینەکەم مژی لێ بدەو دووکەڵ بە با بکە . ژیانی تۆ لەسەر ئەوە وەستاوە .

حەکایە تخوان : لە پاش چەند هەناسەیەك چڕە دووکەڵێك لەدەمی داهۆڵەکەوە دەهاتە دەرێ ، مژ بە دوای مژ .. جار لە جاریش قووڵتر .

دایکە ریگبی : مژی لێ بدە کوڕەکەم .. دووکەڵ بە با بدە ، ئەوەیان هەناسەی زیندەگییە بۆ تۆ . هەر بەم زووانە تۆ بەم جیهانەدا دێیت و دەچیت ، وەك هەر پیاو ماقووڵێکی دیکە کە لە پووش و پەلاش دروست بووە .

مۆسیقا : ( لە ژێر کاریگەری مۆسیقایەکی ئەفسووناویدا داهۆڵەکە دەگۆڕێ .. تا ئیقاعی خێراتر بێ ، ئەم زیاتر ڕۆحی تیا دەگەڕێ و زیندوو دەبێتەوە . )

حەکایە تخوان : ژنەی جادووگەر قاقا پێدەکەنێ کە دەبینێ داهۆڵەکە مژ لە سەبیلەکە دەداو دووکەڵ بە با دەکا . هەر زوو قۆڵی ڕاستی دەبزواند ، پاشان لاقی چەپی بۆ پێشەوە هەڵدەدا وەك کەسێك هەنگاو بنێ ، لە هەمووی گرنگتر لەسەر روخساری داهۆڵەکە هێمایەکی سەیر وەدەرکەوت .

دایکە ریگبی : زۆر چاکە .. کوڕەکەم ، ئەوەتا تۆ خەریکە دێیتە نێو زیندەگی ، خەریکە ببیتە ڕۆح لەبەر .. پتر مژ لە سەبیلەکەت بدە .. مژی قووڵتر .. دەی لە دڵەوە ... گەر دڵت هەیە .. پڕ بە هەموو سییەکانت هەناسە هەڵمژە .

حەکایەت خوان : ئەو بوونەوەرە گوێڕایەڵ بوو .. پیرەژن چی وت : ئەم وایکرد . لەگەڵ هەر مژێك و هەناسەیەکی دیکە پتر سیما و سەر و رووخساری مرۆڤێکی وەردەگرت و کەمتر لەوە دەچوو بە تەنها داهۆڵێك بێ لە کێڵگەی گە نمەشامیدا کە باڵندەکان بترسێنێ .

دایکە ریگبی : دەی کوڕەکەم .. هەنووکە .. تۆ ئامادەی کە ئیتر بجووڵێی ، دەی هەنگاوێك بنێ بۆ پێشەوە . ( وەستانێك ) زۆر چاکە .. دەی هەنگاوێکی تر . خۆت توند ڕاگیر بکە .. لەوێ پێ داکوتە .. دەی هەنگاوێکی تر ( وەستانێك ) زۆر چاکە .. دیکن .. سەبیلەیەکی تازەم بۆ داگرە و ئاگرم بدەرێ .

حەکایە تخوان : دەرحاڵ داهۆڵەکە سەبیلەیەکی نا بەلا لێوییەوە .

دایکە ریگبی : ئیستا کە تۆ سەر و سەکوتت هەر لە پیاو دەچێ . پێویستە فێر بیت وەك پیاو قسە بکەی . من فەرمانت پێ دەکەم — دەم بکەرەوە قسە بکە .

پەڕپەسەر ( داهۆڵ ) : ( بە ئاستەم .. بە دوو دڵی .. لە پاش هەوڵێکی زۆر ) من .. من .. من..

دایکە ریگبی : قسە بکە .. بدوێ...!

پەڕپەسەر : دایکە ... من .. من دەمەوێ .. قسە ... بکەم .. بەڵام ... من .. نازانم .. چی .. بڵێم .. من .. مێشکم .. نییە.. تا .. بیر بکەمەوە ... وشەکان ..

دایکە ریگبی : ( پێدەکەنێ ) مێشکت نییە تا بیر لە وشەکانت بکەیتەوە ؟ بەڵام تۆ دەتوانی قسە بکەی .. ناتوانیت؟

پەڕپەسەر : بەڵێ .. من .. من دەتوانم بدوێم .

دایکە ریگبی : کەواتە .. کوڕە شیرینەکەم .. کەواتە هیچ جیاوازییەك لە نێوان تۆ و نیوەی پیاوانی ئەم جیهانەدا نییە .. نیوەی ئەو پیاوانەی لەم دەوروبەرە دێن و دەچن هەر وەکو تۆن .. خۆت سەغڵەت مەکە ، تۆش وەکو زۆربەیان ، ماوەیەکی تر .. ئەوەندە نابات کە دەتوانیت لە هەزارەها شت بدوێی ، ئەو وەختەی بۆ هەزاران جار ئەو قسانە دووبارە دەکەیتەوە .. هێشتا وەکو ئەوە وایە هیچت نەوتبێ . لە دونیادا لەوە ئاسانتر نییە کە بتوانیت قسە بکەی .. ئەوەتا تۆ دەیکەی .

پەڕلەسەر : کەواتە من وام لە خزمەتی تۆدا .. دایکە .

دایکە ریگبی : من هەوڵ دەدەم کە بە تەنها سەد ڕستە و دەستەواژەت فێر بکەم کە بۆ هەموو بۆنە و هەڵوێستێك بە کەڵك دێن .. بەستە .. دەتەوێ ئەزبەریان بکەی ؟

پەڕپەسەر : بە هەموو دڵمەوە .

دایکە ریگبی : ( پێدەکەنێ ) لە هەموو دڵتەوە ؟ چەندە سەیرە ..! دەستیشت دەخەیتە سەر مەمکی چەپت وەك ئەوەی کە بە ڕاستی دڵت هەبێ . کوڕەکەم ... من و تۆ لەمەودوا بەزم و ڕەزمی خۆشمان دەبێ .. من و تۆ .

حەکایە تخوان : پاشان .. بەوپەڕی خۆشحالییەوە .. دایکە ریگبی فێری کرد چۆن ڕەفتار بکاو چۆن خۆی لە گەڵ دونیادا ڕابێنێ . دڵنیای کرد کە دەکرێ شکۆمەندانە سەر بەرز بکاتەوە ، وەك پیاوێکی هەرە ماقووڵ چونکە لە نێو سەد پیاودا کەسیان بە قەد ئەم لێوەشاوە نین .. ئەم پتری پێیەو پتری لەبەردایە . پیرەژن توانی داهۆڵەکە بکات بە خاوەنی دارایی و سامان : کانێکی ئاڵتوون لە " ئێلدۆرادۆ" ، قەڵایەك لە ئیسپانیا ، ڕەزێك لە قوتبی باکوور ، لەگەڵ شتێ پارە . پاشان چووە لای کانتۆرەکەو جوانترین جلی بۆ هێنا .

دایکە ریگبی : من ئەم شتانەم بۆ بۆنەیەکی تایبەت هەڵگرتبوو . ئەمڕۆکەش ئەو بۆنەیە هاتۆتە پێشێ ، ئەوەتا ڕۆڵە ئەو شاڵە مەخمەرە سوورە بەسەر شانت دادە ،ئەو شمشێرە زێڕینەش بە لاکەمەرتا شۆڕ کەرەوە ، ها ئەوشە پقە زۆر جوانەش بۆ سەرت ، ئەو شا پەڕی وشترمرخە سپییەشی پێوە بکە . بەم چەشنە زۆر لە پیاوێکی ماقووڵ دەچیت.

پەڕبەسەر : دایکە ؟

دایکە ریگبی : بەڵێ.. کەسە شیرینەکەم .

پەڕبەسەر : ئەرێ من .. ئاخۆ من .. هیچ ناوێکم هەیە ؟

دایکە ریگبی :ناوێك ؟ هەڵبەت...بۆ نا..؟ ئا..تۆ دەبێ ناوێکت هەبێ...لێم گەڕێ...بزانم...تۆ بەم قاتە جوانەوە، بەم شە پقە پەڕدارەوە..دەبێ ناوێکی وا ئورستوقراتیانەت هەبێ کە زرنگانەوەی خۆی هەبێ . من دەزانم ...ناوت لێ دەنێین "پەڕ بە سەر" ..بەڵێ..."پەڕ بە سەر"...من بە ناوێکی زۆر گونجاویشی دەزانم.

پەربەسەر: پەڕبەسەر ؟ بەڵام ئەوەیان مانای چییە؟

دایکە ریگبی: واز لە ماناکەی بێنەو خۆتی پێوە سەغڵەت مەکە . ناوێکی جوانە و ئەوەندەش بەسە.

پەڕبەسەر: زۆر چاکە ..مادامەکێ بە شتێکی ڕاستەقینەی نازانم ... هەر چۆنێك بێ بەلامەوە گرنگ نییە.

دایکە ریگبی: وەرەو لە نزیك ئەم ئاگرە دانیشە – بەلام زۆر نزیك نا – با ئەو سەد ڕستەیەت فێربکەم کە دەبێ ئەزبەریان بکەی تا لەگەڵ دونیادا خۆت بگونجێنی . قەت بیرت نەچێ کە بەردەوام مژ لە سەبیلەکەت بدەی ، ئەمەیان بۆتۆ هەناسەی زیندەگییە ، گەر لێیان پرسیت :چییە ئەوەندە ئەو دووکەڵە بە با دەکەی ، دەتوانیت بڵێی پزیشك وا ئامۆژگاری کردووم ...ئەوەیان بۆ تەندروستی من وا چاکە.

پەڕبەسەر:بەڵێ...دایکە.

دایکە ریگبی: ئێستاکەش .. لە دوای من بیڵێرەوە : ئاه .. چ ڕۆژێکی خۆشە..!

پەڕبەسەر: ئاه ...چ ڕۆژێکی خۆشە..!

دایکە ریگبی: ئەمڕۆکە چەندە خۆشحاڵ دیاریت !

پەڕبەسەر: ئەمڕۆکە چەندە خۆشحاڵ دیاریت !

( هێدی هێدی دەگۆڕێ )

دایکە ریگبی : من بە داخەوەم کە گوێبیستی ئەوە بووم ژنەکەت ناساغ بێ.
( ئەویش لەوە دەچێ ون بێ و ببێ بە تارمایی )

پەڕپەسەر: من بەداخەوەم کە گوێبیستی ئەوە بووم ...
( دەگۆڕێ و خۆ لە بەرگی مرۆڤ دا دەنوێنێ )

حەکایە تخوان : بە درێژایی ئەو بەیانییە دایکە ریگبی هەموو ئەو ڕستەو دەستەواژانەی بە " پەڕپەسەر" ئەزبەر کرد کە لە ژیانی ڕۆژانەداو لە مامەڵە کردنیدا لەتەك خەڵكدا بە کەڵکی دێن ، هەموو شێوازەکانی ڕەفتار و خۆ گونجاندن .

دایکە ریگبی : ڕۆلە گیان .. هەنووکە وەختی ئەوە هاتووە کە ڕوو بکەیتە شار و جێگەی خۆت لە نێو ئەو کەسانەدا بکەیتەوە کە بە خۆ دەڵێن پیاو . ئەو ڕستەو دەستەواژانەت لە یاد بێ کە پێم ئەزبەر کردی .

پەڕپەسەر : زۆر چاکە دایکە .. بەڵام تەنها ئەوەیە کە من نایزانم چ وەختێك ئەم ڕستانەی تۆ بڵێمەوە .

دایکە ریگبی : خۆت بەوە سەغڵەت مەکە . کەس تێبینی ئەوە ناکات .

پەڕپەسەر : زۆر باشە دایکە .

دایکە ریگبی : بەڵام بیرت نەچێ کە زوو زوو قەننەکەت بکێشیت . کە حەزیشت بە تووتنی تازە کرد ، ئاورێك بدەرەوە ، بە مەرجێك کەس گوێی لێت نەبێ .. لەبەر خۆتەوە بڵێ – " دیکن .. قەننەکەم بۆ داگرە لە تووتن" گەر فریا نەکەویت ئەوە بڵێی ، یەکسەر و دەستبەجێ نامێنی و ون دەبیت ، ئەوسا جگە لە تۆپەڵێك لە پەڕۆ و پاتاڵ و تەختەدار هیچی دیکە نابیت .

پەڕپەسەر : بیرم ناچێ.

دایکە ریگبی : گوێ بگرە .. من دوا ئامۆژگاریم بۆ تۆ ماوە ، ورد گوێم لێ بگرە . تۆ پێویستە بچیتە ئەو کۆشکە گەورەیەی سەر گردەکە کە کەوتۆتە ئەوبەری شار . کابرایەکی لێیە بە ناوی "گوکن " ی دادوەر ، هەر لەو کۆشکەدا دەژی و گەورەی دادوەرانی شارە ، ڕابەری خەڵکی شارە و وەك دەم ڕاستێك جێی ڕێزی هەر هەموو کۆمەڵگایە ، هەر قسەیەك ئەو بیکات یاسایەکە لە خودی خۆیدا . بڕۆ ماڵی ئەو زاتە و کە دەرگای لێ کردیتەوە و بە خێرهاتنی کردی ، ئەم وشەیەی بە گوێدا بچرپێنە کە من هەر هەنووکە بە گوێتدا دەیچرپێنم ( وەستانێك ) گوێت لێ بوو چیم وت ؟

پەڕبەسەر : بەڵێ .. دایکە .

دایکە ریگبی : بیرت ناچێتەوە ... ها ؟

پەڕبەسەر : نەخێر .... دایکە .

دایکە ریگبی : زۆر چاکە . تەنها ئەو وشەیەی گوێ لێ بێ .. دەستبەجێ دەستەو نەزەر "گوکن" ی دادوەر لە خزمەتی تۆدا دەبێ . ( پێدەکەنێ ) دایکە ریگبی "گوکن" دەناسێ و حاکم "گوکن" یش دایکە ریگبی دەناسێ ، هەروەها نهێنی ئەو وشەش دەزانێ – ئەو وشەیەی کە ئەمی کرد بەو پیاوەی کە ئەمڕۆکە هەیە – هەر ئەو وشەش وا دەکا "گوکن" ببێ بە نۆکەرت. هەر ئەو وشە سیحراوییە وا دەکات کە تۆ کچە نازدارەکەی "گوکن" ی دادوەر بناسیت کە ناوی " پۆلی" یە و بەم قسە لووسانەت دەتوانی دڵی بدزی . هیچ گومانت لەوە نەبێ ڕۆڵەکەم . تۆ لەم شارەدا پیاوێکی زۆر سەرکەوتووت لێ دەردەچێ . هەر کاتێك بە خۆت زانی کە تۆش وەك پیاوانی ئەم شارە مێشکت هەیە و بە قەد ئەوان دانایت ئەوسا بڕوا بە خۆت دێنی و باشتر لە خۆت دەڕوانی .. من دڵنیات دەکەم کە وایە .

پەڕبەسەر : مادەمەکێ تۆ وا دەڵێی : کەواتە راستە .

دایکە ریگبی : زۆر جوانە ! وەڵامێکی دروستە ..! هەنووکە بڕۆ .. بڕۆ بۆ شار .. هەر چیت کرد .. پەڕبەسەری ئازیز .. بیرت نەچێ کە هەمیشە مژ لە قەننەکەت بدەی .ژیانت لەسەر ئەوە بەندە .

مۆسیقا : ( بەرز و نزم دەبێتەوە )

حەکایە تخوان : لە ناو ئەو شارەدا کەسێکی دیکەی وەك پەڕبەسەر قۆز و ڕێکپۆش نەدەبینرا ، ئەو دەنگ و باسە بڵاو بۆوە کە کەسێکی تا بڵێی دیار و بێ هاوتا گەیشتۆتە شار .ئاخۆ دەبێ ئەو زاتە کێ بێ .

دەنگی یەکەم : ( کزوبزر ) دەباشە ، هەر کێ بێ ، من هیچ گومانێکم نییە کە ئەو پیاوە یەکێکە لە مەزنە پیاوانی شار .. کەسێکە شکۆدار . تۆ ئەو ئەستێرە گەوهەردارەت بینی بەسەر سینەیەوە .. لەسەر دڵی ..؟

دەنگی دووەم : تۆ ڕاست دەکەی .. من وای بۆ دەچم کە ئەو پیاوە باڵیۆزێکی فەرەنسی بێ .

دەنگی یەکەم : باڵیۆزێکی فەرەنسی ..؟

دەنگی دووەم : بەڵێ .. چونکە بە تەنها باڵیۆزێکی فەرەنسی دەکرێ خاوەنی ئەو هەموو ڕەوشت و پلە و پایە بەرزە بێ .

دەنگی سێیەم : لە گەڵتا نیم .. تۆ تێبینی ڕەنگی پێستەکەیت کردووە ؟ ڕەنگێکی زەرکەفتی.. تەنها ئیسپانی خاوەنی ئەو ڕەنگ و ڕووەیە .. هەبێ و نەبێ سوارچاکێکی ئیسپانییە .

دەنگی یەکەم : نە .. من وای بۆ دەچم کە ئەڵمانی یان هۆڵەندی بێ ، لەوانەیە "کۆنت" یان "بارۆن" بێ ، چونکە ئەوانن کە هەمیشە سەبیلەیەك وا بە لالێویانەوە.

دەنگی دووەم : ئەوەندەی مەسەلەکە پەیوەندی بە سەبیلەکێشانەوە هەبێ ، ئەم کابرایە لە "تورك" دەچێ . من دەگەڕێمەوە سەر قسەی یەکەمم و سوورم لەسەر ئەوەی کە ئەم زەلامە فەرەنسییە .

دەنگی سێیەم : هەر چۆنێك بێ .. لەوەتەی ئەم شارە هەیە کەسێکی وا کەشخە و ڕێکپۆشی نەدیوە .. مێژووی ئەم شارە پیاوی وا ماقووڵی نەدیوە . ( بزر دەبێ )

حەکایە تخوان : ژنێك نەماوە لەم شارەدا ( پەرپەسەر ) سەرنجی بۆ لای خۆی ڕانەکێشا بێ .. هەمووانی حەیران و سەرسام کردووە .

ژنی یەکەم : ( دێتە ناوەوە ) ئاماندا .. کچێ ئاماندا .. تۆ ئەو پیاوەت دیوە ؟

ژنی دووەم : هەڵبەت دیومە ! هێشتا دڵم لە کوتە کوت نەکەوتووە . تۆ قەت پیاوی وا قۆزت دیوە ؟ ڕووخسارێکی ئاوا شیرین و بەگزادانە ؟

ژنی یەکەم : ئەی ئەو قسە جوانانەی ! تۆ گوێت لێ بوو چی وت ئەو وەختەی قسەم لەسەر ئەستێرەکەی سەر سینەی کرد ؟

ژنی دووەم: چی وت .

ژنی یەکەم : کە وتم ئەو ئەستێرەیەی سەر سینەت پڕشنگ و بریسکەی لێ دەبێتەوە ، ئەو پێ ی وتم – " هەروەها چاوەکانی تۆش خانمەکەم "

ژنی دووەم : چ شیرینە ئەو قسەیە .. چ مەزنە .. !

ژنی یەکەم : دەکرێ لەوە دڵنیا بیت کە مێردەکەی من هەرگیز بە خەیاڵیدا نایەت ڕازێکی وا دەرهەق بە من بدرکێنێ .

ژنی دووەم : مێردەکەی منیش شتی وا ناکات .

حەكايە تخوان : لە هەموو شارەكەدا بە تەنها دوو كەس يان بلێین دوو لایەن بەو هەموو کەش و فشەی "لۆرد پەرپەسەر" سەرسام نەبوون ، دەڵێین " لۆرد پەرپەسەر" چونكە هەر هەموو خەڵكی شار ئاواهی بانگیان دەكرد ، لەوە دەچوو ئەو دوو لایەنەش لە هەمان پایە و پلەدا بووبن ، یان سەر بە هەمان بنەماڵە و میراتگر بن . یەكێكیان سەگێكی دوو رەگ بوو كە دیارە ئەو وەختەی "پەرپەسەر" ی بینی ددانەكانی گڕ كردەوە مڕاندی .. پاشان بە جادەكاندا دەیقوچاند و دەوەڕی ، دووەمیان كوڕێكی تەمەن پێنج ساڵان بوو كە لە مەڕ داهۆڵێكی قەنەكێش وڕێنەی دەكرد و قسەی بێ سەروبەری زۆری دەرفرتاند . ( وەستانێك ) ئا لەو كاتەدا بوو كە "پەرپەسەر" گەیشتە ماڵەكەی ( گوكن ) ی دادوەر و لەگەڵیدا كۆ بووە . جارێكی تر دەبوو بوەستێ و سەبیلەكەی پڕ بكاتەوە لە تووتن و بۆ ئەم مەبەستەش بانگی "دیكن" بكات كە ئاگری فریا بخات .. پاشان سەر لە نوێ سەفەرەكەی خۆی دەست پێكردەوە و هەنگاوی نا .

دەنگی یەكەم : لەوە دەچێ چاوەكانم فێڵم لێ بكەن ، بۆ ساتەوەختێكی كورت هەستم كرد كە ئەو خاوەن شكۆیە لەبەر چاوان ون دەبێ .

دەنگی دووەم : نا .. مەسەلە چاوەكانی تۆ نین ، منیش وام هەست كرد ، ئەوە بریسكەی ئەستێرەكەی سەر سینەی بوو كە ئاوی چاوانی بردی و بە شەوارەی خستی .

دەنگی سێیەم : تۆ تێبینی سەبیلەكەیت كرد ؟ تۆزێك لەمەوبەر كوژایەوە , ئێستا كە .. وا دیسانەوە داگیرسایەوە ، من پشكۆی وا گەشم لەسەر تووتنی هیچ قەننەیەكدا نەبینیوە .

دەنگی یەكەم : من ڕازێكت لەلا دەدركێنم .. من هەست بە شتێكی پەنهان دەكەم لە ڕەفتاری ئەم پیاوە نەناسەدا.

دەنگی دووەم : سەیركە .. ئەوەتا ڕووەو ماڵی "گوكن" ی دادوەر مل دەنێ .

دەنگ : ( دەنگی لە دەرگادان دێ .. وەستانێك .. دەرگا دەكرێتەوە )

گوكن- ی دادوەر : نیوەڕۆ باش گەورەم .. فەرموو .. چیت بۆ بكەم ؟

پەرپەسەر : ( لەبەر خۆیەوە ورتە ورتێك دەكات بێ ئەوەی "گوكن" لێی تێبگات )

گوكن-ی دادوەر : ( دەشڵەژێ ) چی ؟ ئۆ و لە من ...! وەرە ژووری .. وەرە ژووری.

دەنگی یەكەم : ئەوە چی وت ؟ خاوەن شكۆ چی بە "گوكن" ی دادوەر وت ؟

دەنگی دووەم : گوێم لێ نەبوو .. بەلام هەر چییەكی پێ وتبێ دیارە كە سەرسامی كردووە.

دەنگ: ( دەرگا دادەخرێ )

حەكایەتخوان : لە ناو كۆشكەكەدا "گوكن" ی دادوەر ڕۆڵی خانەخوێیەكی زۆر بەرێزی بینی و خزمەتی "پەڕپەسەر " ی كرد، چرووتی "كوبی" و شەرابی "مالاگا" ی پێشكەش كرد، یەكەیەكەش ژووره خۆشەكانی نیشان دا ، لە ڕاستیدا مستەر "گوكن" بواری ئەوەی پێ نەدرا "پۆلی" كچی بە "پەڕپەسەر" بناسێنێ ، خانمە چكۆلەی جوان هەر كە ئەو پیاوە قۆزە و نەناسەی بینی بە جادەكەدا سەردەكەوێ و ڕووەو ماڵی ئەوان دێ ، یەكسەر بە قاڵدرمەكاندا غل بۆوەو خێرا هاتە خوارێ تا خۆی بەو جوامێرە بناسێنێ . باوكی هیچ چارەیەكی نەما جگە لەوەی كە بە یەكدیان بناسێنێ، هەر لە پاش چەند چركەیەك كچە و پەڕپەسەر ، قۆڵ لە قۆڵ ، بەیەكەوە و لە باخچەكەی پشتی كۆشكەكە پیاسەیان دەكرد . لە ناو كۆشكەكەشدا "گوكن" ی دادوەر هەوڵی دەدا لە ژنەكەی بگەیەنێت كە ئەوەیان چۆن ڕووی داو چۆن چۆنی بەم ئاكامە گەیشت .

خاتوو گوكن: نازانم تۆ بۆ چی وا هەڵچوویت ؟ من تێناگەم بۆچی نابێ "پۆلی" كچمان بەرێتە باخچەكەی پشتەوەو پیاسەی لە گەڵدا بكات ؟

گوكن- ی دادوەر:بەڵام دیارە تۆ لە هیچ تێناگەی.

خاتوو گوكن: من بە تەنها لە یەك شت تێدەگەم . كچەكەم لە تەمەنێكدایە كە دەبێ بیر لە شووكردن بكاتەوە . بێگومان كەسێكی وەكو "پەڕپەسەر" چاكترین پیاوە كە بێتە پێشێ و داوای بكا ، نموونەی وەك ئەو لەم شارەدا نادۆزینەوە .. ئاوا قۆز .. جوامێر و خۆشڕەوشت ، بێگومان خاوەن سامان و دارایی . دەتوانی هەر لەو ئەستێرەیەی وا بەسەر سینەیەوە هەست بەو هەموو شكۆیە بكەی ، وا هەست دەكەم وەختی جۆزەردان شیاو بێ بۆ زەماوەندەكەیان ، یان لەوانەیە پایزێكی زوو .. خۆ لەوانەشە كۆتایی پایز خۆشترین وەرزی ساڵ بێ بۆ زەماوەند .. ئەو وەختە دونیا هێشتا گەرمە .

گوكن- ی دادوەر : ژنە باشەكەم .. تۆ تێناگەی ؟ ئەم كابرا نەناسە لە لایەن دایكە "ریگبی " یەوە هاتووە !

خاتوو گوكن: مەبەستت ئەو پیرە ژنە جادووگەرەیە كە لە قەراغ شاردا دەژی ؟ چییەتی ؟ هەر كێ نەخۆش بكەوێ ، یان بیەوێ بەختی خۆی بزانێ ، ڕوو لەو پیرەژنە دەكات . من بۆ خۆم جارێكیان چوومەتە لای – ئەو كاتە كە قۆڵی ڕاستەم ئازاری زۆری دەدام .. هەر ئەو جارەش چووم .

گوكن- ی دادوەر : دەكرێ بێ دەنگ بیت و گوێم لێ بگریت ؟ من دەمەوێ كە پێت بڵێم ..

خاتوو گوكن: شششش .. ئەوەتا هاتنەوە ژوورێ . وەرەو با ئەو دوو عاشقە گەنجە بە تەنیا جێبهێڵین .

گوكن- ی دادوەر : عاشقە گەنجەكان ! ئۆو .. نا .. ! من بۆ ئەو پەیمانم لەگەڵ دایكە "ریگبی " دا بەست ؟

خاتوو گوکن: ( دەڕوات ) بەس لەبەر خۆتەوە قسە بکە و لەگەڵما وەرە...بە پەلە.

پۆلی :( کچی دادوەر...وەدەر دەکەوێ ) ئۆە .. ئاغای پەڕبەسەر ، چەندە شیرین قسان دەکەی ! لە هەموو ژیانمدا من کەسم نەدیوە بەم وتە زۆر جوان و ناسکانە قسە لەگەڵ مندا بکات .

پەڕبەسەر: من شاگەشکەم کە گوێبیستی ئەوە دەبم . من بە دڵنیاییەوە دەیڵێم ، هەر کوڕە لاوێك کە لەم شارەدا دەژی ، ئەو دەم و چاوە گەشەی تۆ ببینێ ، خۆی بۆ ناگیرێ ،سروشی ئەوەی بۆ دێ کە شیعرت بەسەردا هەڵبێ.

پۆلی :ئۆە..ە..ە...ەە.. لەوە دەچێ من خەون ببینم .
( دەڕوات )

حەکایەتخوان :ئا لەم ساتە وەختەدا بوو کە ئەو جووتە جوانە بە بەردەمی ئاوێنەیەکی گەورەدا ڕابوردن کە لە ڕاڕەوەکەدا دانرابوو ، ئاوێنەیەك کە درۆ ناکات و ڕاستی نیشان دەدا...ئاوێنەیەك کە پیاهەڵدان و ساختە نازانێ.

پۆلی: ( دەزریکێنێ ... پاشان بەدەم ڕاکردنەوە هاوار دەکاو ون دەبێ ) باوکە .. باوکە ..فریام کەوە .

مۆسیقا : ( مۆسیقایەکی درامی کت و پڕ بەرز دەبێتەوە و تێکەڵ بە قیژەی – پۆلی دەبێ ، نزم دەبێتەوە )

حەکایەتخوان : زۆر زەحمەتە پێشبینی ئەوە بکرێ : ئاخۆ ڕۆژانی ئایندە لە هەگبەی خۆیدا چی بۆ "پۆلی گوکن" و " پەڕبەسەر " دا هەڵگرتبوو..چ ئایندەیەك ، ئەگەر لەو ساتەوەختەدا بە بەردەم ئەو ئاوێنە ڕاستگۆیەدا ڕەت نەبوونایە و ئاوڕیان نەدایەتەوە و وێنەی ڕاستەقینەی خۆیان نەبینیایە؟ بەڵام ئاوڕیان دایەوە و بەیەکەوە و لە قووڵایی ئاوێنەکەدا " پەڕبەسەر" یان بینی وەکو خۆی : داهۆڵێك کە دەسکی گەسکێك بڕبڕەی پشتی بوو ، هەندێ پووش و پەڵاش : کەللەسەری . دەرحاڵ ئەو خەون و خەیاڵ و تراویلکەیە ڕەوییەوە ." پەڕبەسەر " زۆر بە پەلە لە کۆشکی "گۆکن " هاتە دەرێ ، ئەوەندەی کە قاچە دارینەکانی توانیان هەڵیبگرن تاوی دەدا ، پاش چەند چرکەیەك گەیشتەوە ماڵەکەی " دایکە ریگبی" کە کەوتبووە قەراغ شار.

دایکە ریگبی : پەڕبەسەر ..! ئەوە چی بووە ؟ چی ڕووی داوە؟

پەڕبەسەر : ( هەناسە سوارە ) پۆلی .. گوکن-ی دادوەر .......

دایکە ریگبی : وەرە ئێرە .. دانیشە و پشوو بدە . دەی ئێستاکە پێم بڵێ : چی بووە ... ڕۆڵەکەم ؟ ناکا ئەو زۆڵە ، " گوکن-ی دادوەر " ، نەیهێشتبێ بچیتە ژوورەوە ؟ من هەر هەنووکە بیست عفریتی بۆ دەنێرمە ماڵێ تا ئازاری بدەن گەر کاری وای کردبێ ، یان مەسەلەکە " پۆلی " یە ... ناکا ئەو خانمە گاڵتەی پێ کردبێت ئەو وەختەی کە قسەت لەگەڵ

کردووە؟ من ئەفسوونێکی وای لێدەکەم کە هەر هەموو ددانەکانی هەڵوەرێن ، هەر هەموو دەم و چاویشی پڕ بێ لە جرنووق و پەڵە و زامی کوشندە .

پەڕپەسەر : نا...نا... دایکە ! وازیان لێ بێنە . هەردووکیان زۆر بە میهرەوە مامەڵەیان لە تەکدا کردم . لە ڕاستیدا ، گەر ئێمە لەبەردەم ئاوێنەکەدا نەوەستاینایە، گەر ئەو خانمە منی وەك خۆم کە هەم نەبینیایە ، لەو بڕوایەدا بووم کە ماچی دەکردم و بەتەواوی دەیکردم بە ئادەمیزاد .بەڵام ئەوە بوو من و ئەو وەستاین و ئەویش شێوەی ڕاستەقینەی منی بینی ....لە هەمووی خەرا پتر دایکە ... لە هەمووی خەرا پتر...من خۆمم بینی .

دایکە ریگبی : ئۆو ...ڕۆڵە ئازیز و بەستەزمانەکەم ...!

پەڕپەسەر : من خۆمم بینی وەك ئەوەی کە هەم ، زۆر داماو و نەگبەت ، سەرتا پام جلەشڕ ، هەر دەتوت تەلیسێکی پڕ لە "کا "م سەریشم جگە لە قۆزاغەیەکی گەورەی پەمۆ هیچی تر نەبوو ، بە تەنها داهۆڵێك و هیچی تر ، بەڵێ داهۆڵ.... بەو مەرجەی مژ لە سەبیلەکەی بدا تا نەمرێ و هەناسە بدا ، من نامەوێ چیتر ئەوە بم ، من نامەوێ یەك مژ لەو سەبیلە نەفرەتییە بدەم .

دەنگ : ( دەنگی شکانی سەبیلەیەکە کە بەر دیوارەکە دەکەوێ )

دایکە ریگبی : نا...نا... نەخێر وا مەکە ڕۆڵەکەم ...وا مەکە.

پەڕپەسەر: ( وا دەردەکەوێ کە لە هۆش خۆی بچێ و لە بەر چاوان ون بێ.... ڕاڕاو دوودڵ دیارە ) ببوورە دایکە ... بمبەخشە ....ماڵئاوا.

دەنگ: ( دیارە کە تەختە دارەکان ، پووش و پەڵاش ، پارچە جلەکان لەسەر زەوی دەکەون )

حەکایە تخوان : لە پاش بە دیوار دادانی سەبیلەکە ، پەڕپەسەر هەناسەی لەبەر بڕا و کەوتە سەر زەوی ، ئەمیستاش بە تەنها کۆمەڵێك دارو تەختە و جل و پووش و پەڵاش بەسەر یەکدیدا کەڵەکە ببوون ، بەسەر ئەو شتە کەڵەکە بووانەوە شەپقەیەکی پەڕدار کەوتبوو. دایکە "ریگبی" بە دیاریانەوە وەستابوو ، بۆ چرکەیەك سەیری پاشماوەکانی ئەو بوونەوەرەی دەکرد کە خۆی دروستی کردبوو ، پاشان هەنگاوی‌نا تا ئەو سەبیلە هەڵبگرێتەوە کە "پەڕپەسەر" دای بە دیوارەکەدا.

دایکە ریگبی: وای پەڕپەسەری بەستەزمان ... ڕۆڵە ئازیزەکەم . لەم دونیایەدا هەزارەها کەسی وا هەیە کە جگە لە کۆمەڵێك زبڵ و زار .. کۆمەڵێكێ تەختەو پووش و پەڵاش هیچی دیکە نین ، هەر وەك ئەو داهۆڵەی من کەچی بەسەر ئەم خاکەدا ڕێدەکەن و وەك کۆمەڵێك خانم و بەگزادە و سەردەستەی کۆمەڵ سەیر دەکرێن ، قەتیش وەك ئەوەی هەن

له ڕاستیدا وەدەرناکەون .بۆچی دەبێ داهۆڵە بەستەزمانەکەی من حەقیقەتی خۆی بناسێ ، کە دەشیزانێ بۆ دەبێ ئەو حەقیقەتە بیکوژێ ؟

حەکایە تخوان : دایکە ریگبی سەبیلەکەی پڕ کردەوە لە تووتنی تازە. پاشان خستییە نێوان پەنجەکانی ، وەك ئەوەی دوودڵ بێ لە نێوان ئەوەی بیخاتە نێو دەمی خۆی یان هی " پەڕپەسەر" دا.

دایکە ریگبی : پەڕپەسەرە بەستەزمانەکەم ! زۆر بە ئاسانی دەتوانم ،هەر بەیانی ،هەلێکی دیکەی پێ ببەخشم و بینێرمەوە نێو جیهان . بەڵام ...نا...من نابێ ئەوە بکەم . هەستی تا بڵێی ناسکە . هەتا وەك بووکە سەماکەرەیەکی قۆزاغە لەسەر ... دڵێکی لەوە گەورەتری دەوێ تا بتوانێ ململانێ لەگەڵ دونیادا بکات . نا ... من کاری وا ناکەم . دواجار با هەر بووکەسەماکەرەکە بێ ... با هەر داهۆڵێکی پەتەڕی بێ . ئەمەیان بە کەڵکترە و ڕۆڵێکی بێ گوناهترە ، گەر هاوتوخمەکانی بەقەد ئەو پاك و تەمیز بن ، ئەوە بێگومان دەبین لەوەی کە ئەم دونیایە بە دونیایەکی باشتر دەبێ ... ئەوەش ڕاستییەکی شاراوە نییە . سەبارەت بە سەبیلەکەشی من پتر لەو پێویستیم پێ یەتی.

حەکایە تخوان : وەك دەڵێن : پیرەژنەی جادووگەر سەبیلەکەی نا بە لالێویەوە و هاوارێکی کرد :

دایکە ریگبی : دیکن ....دەی ئاگرێکی تر بۆ سەبیلەکەم .

مۆسیقا : ( بەرز و نزم )

جارچی : بەڕێزان وەك بینیتان ...ئەو نمایشە ئامادەکردنێك بوو لە کورتەی چیرۆکێکی " ناثانیل هۆثۆرن " لە ژێر ناوی " پەڕپەسەر" کە لە کۆمەڵە چیرۆکی " قەوزەکانی نێو زەلکاوەکانی ماڵی قەشەیەکی پیر " ئەم بەڕێزانەش ڕۆڵی کارەکتەریان بینی :

------------------------ وەك دایکە ریگبی

------------------------ وەك حەکایە تخوان

------------------------ پەڕپەسەر

------------------------ گوکن-ی دادوەر

------------------------ پۆلی گوکن

------------------------ دەنگەکان ( 1، 2، 3 )

------------------------ ژنی یەکەم

------------------------ ژنی دووەم

------------------------ بەندەش جارچی

مۆسیقا : ( بەرز و نزم دەبێتەوە )

پەراوێز : هوثورن نووسەرێکی ناوداری ئەمریکییە ، یەکێکە لە نموونە درەوشاوەکانی سەدەی نۆزدەهەم ، لە ئەدەبی فانتازیادا و جیهانی ڕەمزییەت پێشەنگە ، تەنیایی و دوورە پەرێزی خۆی ڕەنگی داوەتەوە لە ئەدەبەکەیدا ، دەکرێ

بۆنی ئەو ژینگەیە بکەین کە ئەم تیایدا ژیاوە ، وەك نووسەر لە سەرەتادا نوشوستی هێنا ، ئەوەیان وای کرد کە لە گومرگی ( بۆستن ) دا ببێ بە فەرمانبەر ، بەڵام بەردەوام دەینووسی ، تێکەڵ بە نووسەرە پێشەنگەکان بوو : وەك ئیمرسن ، ثۆرو ، مارگریت فولەر ، ( سۆفیا پیبۆدی ) کە دوا جار بوو لە ساڵی ( 1841 ) دا بوو بە هاوسەری .

لە ساڵی ( 1804 ) داو لە "ماساشوسێتس"دا لە دایك بوولە ژێر کاریگەری ئایینی پاکخوازەکان " پیوریتانز" ی –نیو ئینگلاند- پەروەردە بوو ، کە دیارە مەزهەبێکی توندڕەو بوو، بە ڕۆحێکی ڕەشبینانە لە دونیای دەڕوانی .مەسەلە ئەخلاقییەکان ببووە خولیای ، بە ئاشکراش لە ڕۆمانی " پیتی قورمزی " دا ڕەنگی داوەتەوە ، دەکرێ بڵێین ئەم ڕۆمانە وای کرد بە یەکێك لە ڕۆماننووسە سایکۆلۆژیستەکان بناسرێ ، نووسەرە هاوچەرخەکان بەردەوام دەگەڕێنەوە لای "هوَثۆرن" قووڵبوونەوەیەکی دەروونناسانەی تیا بەدی دەکەن ، هونەر و تەکنیك ، تان و پۆیەکی ورد چنراو کە کەم نووسەر هەن ئەمڕۆکە پەی پێببەن . لە ساڵی ( 1864 ) دا کۆچی دوایی کرد ، ئەو کاتەی بۆ گەشتێك ڕووی کردبووە نێو چیاکان.

Seven Plays from American Literature